# زمان و کاریگەریی وەرگێڕان*

ن: حوسێن یەعقووبی
و: ئیسماعیل زارعی

زمان بەرچاوترین تایبەتمەندی مرۆڤە، تایبەتمەندییەك كە دەتوانێ لە بوونەوەرەكانی دیكە جیای بكاتەوە. زمان، لێهاتووییەك كە هێندێكجار سەرنجی پێ نادەین، تایبەتمەندییەكی بەرچاو و سەرسووڕهێنەری هەیە. بە بێ زمان بە هیچ كلۆجێ نەماندەتوانی جیهانێك پێك بێنین كە ئەمڕۆ دەیناسین. پێشكەوتنەكانمان لە هەموو شتێك دا، جا لە هوونەرەوە بگرە تا زانست و تەكنۆلۆژیا، بە بێ زمان شیمانەیان نەدەبوو و نەدەلوان. هەربۆیە بەر لە هەموو تایبەتمەندییەكی یەكەی دیكە، ئەوە زمانە كە ئێمە دەكاتە مرۆڤ و زمانی مرۆڤیش بێهاوتایە.

دەڵێن زمان ئامرازی سەرەكی خەڵكی جیهانە بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ یەكتری، بەڵام هێندێك كەس بە تانە و تەشەرەوە وەك راگەیاندنی سەرەكی پێكهاتنی خراپ لێك تێگەیشتنی نێوان مرۆڤ باسی دەكەن. دۆزینەوە و دیاریكردنی زمان وەك هۆكارێكی سەرەكی درووست بوونی خراپ لێك تێگەیشتن و نەبوونی پێوەندی لە جیهان دا، زۆر بە هاسانی لە لایەن ئەو موسافیرانەوە دەركەوت، كە بە گەلێك ئەنگیزە و مەبەستی جۆراوجۆری خوێندن، بازرگانی، سیاسی و نیزامی لە وڵاتی خۆیان دەچنە دەر. شتەكە زۆر سانا و بێ گرێ و گۆڵ بوو: نەبوونی زمانێكی هاوبەش بوو بە لەمپەر بۆ پێكهێنانی پێوەندی لە نێوان لایەنەكان و رێبواران بەو شێوەیە كە دەبێ ببێ مەبەست و ئامانجە ناوسنوورەكانی خۆیان وەدەست نەدەهێنا.

كارناسان شیمانەی نەبوونی پێوەندی بە هۆی نائاشنابوون لە گەڵ زمانی بیانی بە "لاوازی پێوەندی" ناو دەبەن. لاوازی پێوەندی بە شێوەگەلێكی جۆراوجۆر و جیاواز رۆژانە سەدان جار لە شوێنە جۆراوجۆرەكانی جیهان دا روودەدا، بەڵام كاتێك هەموومان سەرنج لەم گرفتە جیهانییە دەدەین، حاشاهەڵنەگرە گەلێك دەرەنجامی ناخۆش و كارەساتباری لێ‌دەكەوێتەوە. نموونەیەك لەم رووداوانە لە ساڵی ١٩٧٠دا رووی دا، كاتێك كە چەند ئەمریكایی لە ئەنجامی خواردنی خواردەمەنییەك لە كارگە ژەهراوییەكان لە سەرە مەرگ دا بوون و بە گیانەڵڵاوە بوون. هیچ جۆرە دەرمانێكی دیاریكراو بۆ چارەسەركردنی ئەم ژارخواردوە كارگییانە، لە ئەمریكادا نەناسرابوو و لە كەمتر لە چل و هەشت سات(دوو شەو و رۆژ)دا دوو كەس لە ژارخواردووكان گیانیان لە دەست دا. دواجار كیمیازانێك كە بە رێكەوت لە رێگای رادیۆوە لەم رووداوە ئاگادار ببۆوە بەرپرسە دەسەڵاتدارەكانی ئاگادار كردبۆوە كە ئەو پێشتر هێندێك بابەتی سەبارەت بە دەرمانێكی سەركەوتوو خۆێندۆتەوە كە بۆ ژارخواردوویی بە هۆی خواردنی ئەم جۆرە كارگە لە ساڵی ١٩٥٩دا لە

بۆڵتێنێك دا کە لە ئەورووپادا ئەنجام دراوە. لە راستی دا ئەم جۆرە تیمارکردنە لە کتێبێك دا خرابووە روو کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە هەموو ئەورووپادا چاپ ببوو. کەواتە بۆچی پزیشکە ئەمریکییەکان دوای حەوت ساڵ هیچ شتێکیان لەمبارەوە نەدەزانی؟ هۆیەکەی ئەوە بوو کە لە ئەورووپا راپۆرتی شێوەی دەرمان تەنیا بە زمانەکانی دیکە جگە لە ئینگلیزی نووسرابوو. ئەوە تەنیا نموونەیەکی بچووك لە دەرەنجامە نانۆرمدارەکان بە هۆی لاوازبوونی پێوەندی لە بواری زانستە جۆراوجۆرەکان دا، بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە لە ساڵی ١٩٨٤دا بە پێی تۆژینەوە و لێکدانەوەی ٦٠٠٠ کتێبخانە لە هەموو وڵاتی ئەمریکادا کرابوو دەرکەوت رادەی کەڵك وەگرتن لە سەرچاوە نائینگلیزییەکان لەم جۆرە ناوەندگەلەدا کەمتر لە دە لە سەدە. لە جیهانی نائینگلیزیش دا کەم و زۆر ئەو دۆخە هەر بەو شێوەیە یەکسانە زاڵە و لێتۆژەرەکان زیاتر پشت بە سەرچاوەکان بە زمانی ناوچەیی دەبەستن. هەرچەندە زمانی ئینگلیزی بە هەر حاڵ وەك زمانی زانست و تەکنۆلۆژیا هەڵاوارتە و شتێکی دەگمەنە و بە پێی لێکۆڵینەوەیەك لە هینددا، پتر لە نیوەی کتێبەکانی کتێبخانە زانستی و تێکنیکیەکانی هیند بە زمانی ئینگلیزییە لە حاڵێکدا ژمارەی ئەو کتێبانەی کە بە زمانەکانی فەڕانسە، ئیتالیایی، ئاڵمانی و رووسین بە گشتی ناگەنە لە سەدا پێنج. (کریستاڵ، ١٩٩٧: ٨–٢٤٧).

ئەگەر لە روانگەی زمانەوە لە جیهانی بازرگانی بڕوانین دەبێ دان بەوەدا نێین کە پرسی زمان بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە دەیانهەوێ بازاڕ بۆ خۆیان بدۆزنەوە و دەیانهەوێ لەو دیو سنووری وڵاتەکەیانەوە بەرهەمەکانیان بڵاوبێتەوە گرفت سازە. لە ماوەی دەیەکانی پەنجا و شەست دا کۆمپانیا ئەمریکی و ئینگلیزییەکان بە هۆی سەرنج نەدانیان بە زمانە نائینگلیزییەکان و درووست نەکردنی برۆشۆڕی کاڵاکانیان بە زمانەکانی دیکەی جیهان رەخنە و گلەیی جیهانیان لێکرا. ئەم کۆمپانیاگەلە پێیان وابوو کڕیارە بیانییەکانی بەرهەمەکانیان زۆرتر پێیان خۆشە بە زمانی ئینگلیزی کاری نووسین، دانوستاندن و مامڵەیان لە گەڵ دا بکرێ و کەواتە هیچ هۆیەك بۆ ئەوە نییە کە ئەوان هاسانکاریگەلێك بۆ زمانە بیانییەکان ئەنجام بدەن.

بەمشێوە بوو کە پەرتووکی رێنماییەکانیان تەنیا بە زمانی ئینگلیزی بوو و زۆربەی کارناسان و بەرپرسی فرۆشتنەکانیان جگە لە ئینگلیزی، زمانێکی دیکەیان نەدەزانی. هەڵبەت لە کۆتاییەکانی دەیەی شەستەوە بارو دۆخ گۆڕدرا، لە گەڵ زیادبوونی ئاگایی کولتووری و زمانی، و بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی و ناوچەیی لە ئاسیا و ئەفریقا — بە تایبەتی لە وڵاتانی تازە بە سەربەخۆیی گەیشتوودا — کۆمپانیا ئینگلیزی و ئەمریکاییەکان مەجبوور بوون بە سیاسەتە بازرگانی — زمانییەکانی خۆیاندا بچنەوە. بۆ وێنە ئەوان مەجبوور بوون گەلێك بەرنامەی چاوپێکەوتنی پیشەسازی لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە ببەن، گۆڕینەوەی گەلێکی خولی بەرپرسانی بەڕێوەبردن لە ئەو وڵاتانەی مامڵەی لە گەڵدا دەکرێ، و بەڕێوەبردنی گەلێك پۆلی فێرکردنی زمان بۆ ئەو پێرسۆنێلانەی کە بۆ چالاکی بازرگانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەچوونە وڵاتی دراوسێ. زۆر کۆمپانیای دیکەش هەر لە بنەڕەتدا خزمەتگوزارییە وەرگێڕانییەکانی خۆیان پەرەپێدا. بۆ وێنە، لە بریتانیا کۆمپانیای مێکینتاش گەلێك برۆشۆری بە شەش زمانی (ئینگلیزی، فەڕانسە، ئاڵمانی، ئیتالیایی، هولەندی و هۆسایی) بۆ پرۆپاگەندە کردن بۆ

بەرهەمەکانی خۆیان و دوای ئەوەش فەرهەنگێکی گەورەی وشەی پسپۆڕی زانستی کامپیۆتێری بە شەش زمانی زیندووی جیهان بڵاوکردەوە. ڕەنگە بکرێ بڵێین کە گۆڕان لە هەستیاری نەتەوەییخوازی زمانی زۆرترین باندۆری لە سەر وڵاتانی ئینگلیزی زمان هەبووە. تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە هەموو خەڵکی جیهان زمانی ئینگلیزی نازانن و تێگەیشتن لەو پرسە کە زمانی ئینگلیزی زمانی ڕەسمی یا زمانی دووهەمی ناوچەگەلێکی وەك ڕۆژئاوای دووری ئاسیا، ڕووسیە، ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، جیهانی عەرەب، ئەمریکای لاتین و بەشی فەڕانسەیی زمانی ئەفریقا نیە و تەنانەت ئەگەر کڕیارەکانی کۆمپانیا بریتانیاییەکان بتوانن بە هاسانی و بە ڕوونی بە ئینگلیزی قسە بکەن ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کە هەر بەو باشییەش لە ئینگلیزی تێدەگەن و لە لایەکی دیکەشەوە جۆراوجۆربوونی کۆمەڵایەتی و ناوچەیی زمانی ئینگلیزیش دەتوانێ گەلێك گرفتی جیدی لە تێگەیشتنی بابەت دا لێبکەوێتەوە.

بە هەر حاڵ، بۆ چارەسەرکردنی پرسی لەمپەر و ئاستەنگی زمانی و لاوازبوونی پێوەندی وەك گرفتی سەرەکی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، مێتۆد و ڕێگاچاری جۆراوجۆر و جیاواز پێشنیار کراون. چوار ئاراستەی بەرچاو لەم بوارەدا بریتین لە:

ئا — زیادکردنی ژمارە و هاسانکاری بۆ دەست پێڕاگەیشتنی خزمەتگوزاری وەرگێڕانی نووسراوە و وەرگێڕانی هاوکات کە بە گەلێك پێشکەوتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی زانستی کامپیۆتێری و پرۆگرام درووستکردن، سەرنجێکی زۆری بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە.

ب — ئەفراندن و پەرەپێدانی زمانێکی یارمەتیدەرانەی نێونەتەوەیی دەستکرد (وەك ئیئیسپرانتۆ) کە هەموو کەس بتوانێ بە هاسانی بتوانێ فێری ببێ و کەڵکی لێ وەرگرێ.

ج — هاندانی فێرکردن و فێربوونی زمانێکی سرووشتی لە جیهان دا وەك زمانی جیهانی، هەر ئەو ڕۆڵەی کە لاتین لە سەدەکانی ناوەڕاست دا لە ناوەندە زانکۆییەکان دا گێڕای و ئەمڕۆ بە شێوەیەکی ڕێژەیی و تاڕادەیەك زمانی ئینگلیزی لە هێندێك ئاست دا ئەو دەورە دەگێڕێ.

د — کەڵك وەرگرتن لە داڕشتنی پرۆگرامی زمانی و داڕشتنی سیاسەتە زمانییەکان و وڵاتێك لە ڕەوتی پڕۆپاگەندە و ڕاهێنانی چەند زمانی لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگادا — بە واتای زاڵبوونیان بە سەر چەند زمانی زیندووی جیهاندا — چ بە شێوەی سرووشتی و چ بە شێوەی پێوەندی تاکەکان لە گەڵ زمانە جۆراجۆرەکان لە گەڵ یەکتری (وەك بەڕێوەبردنی گەلێك خولی ڕاهێنان و پشوودانی نێونەتەوەیی بۆ مێردمنداڵان و لاوان) یان لە ڕێگای هاندان و پاڵنەربوون بۆ بەڕێوەبردنی گەلێك خولی خوێندنی تایبەتی بۆ فێرکردنی زمانە بیانییەکان.

* ئەم وتارە لە پێشباری کتێبی ***"زمان، وەرگێڕان و پێوەندی کولتوورەکان"*** وەرگیراوە. وەرگێڕانی ئەو کتێبە بەم زووانە دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران.